# بزمارێکی برای شەهید...........

## خالید مەجید فەرەج

سەرەتای نیوەی دووەمی حەفتاکانی قەرنی پێشوو بوو کاتێک دەیان گووت شوکور بۆ خوا پێشمەرگە سەری هەڵاوەتەوە و مەفرەزەیان لەزۆر شوێن ئەگەڕێن .جەناب ئەوعانە برایەکی هەبوو لەزۆر شتا لەیەک نە ئەچوون تەنیا لەیەک شتا نەبێ کە خۆێندنەوە بوو چوونکە هەردوکیان شەیدای بوون ئەمیان موجەلەی مەوعید و شەبەکەی لوبنانی کە تازەترین هەواڵی فەنانین و فەناناتی عەرەبی بە جلی درێژو کورتەوە بڵاو ئەکردەوە،ئەویان بەخوێندنەوەی بیرو باوەڕی سیاسی شۆرشگێرانە. ئەمیان مووەزەفی دایەرەبوو لە مێبازیشا بەنامێ بوو، ئەویان ماڵ ئاوایی لەشارو دڵداری کردوو کەوتە شوێنی کوردایەتی و مەقوولەی کەم بژی و کەڵ بژی.
کاتێک ئێمەی ئەوسای مێرد منداڵ لە کابرای شەیدای هەواڵی سەباح و ڕوشدی ئەبازەمان ئەپرسی ئەرێ جەناب هەواڵێکی براکەت؟ ئەی ووت برای چی من حاشام لێکردووە جارێکی تر ناوی بێنن تول ئەلعومر قسەتان لەگەڵ ناکەم . ئەمان ووت جەناب براکەت کەسێکە شانازی پێوەبکەی بۆ وا ئەڵێی لەوعانەیا یەکێک لە گەورەکان سیخورمەیەکی لێ یام و ووتی سەلکی سیری قنچکی پیازی بۆ ئەوەنە درێژ دادڕی هەڵسە بچۆ ئەودیو لێرە دامەنیشە ئێرە شوێنی منال نیە بۆ ناچی دووکەلیمە سەعی بکەی ئینتیحانتان نیە؟ دوای رۆشتنی جەناب پێم ووت من هیچ ناماقولێەکم لەحوزوری ئەوجەنابەیا کرد بۆ ئاوا پیاما هەڵشاخان ؟ ووتی کاکە ئەو لە لای سوڵتاتی موختەسیش خەبەری دواوە کە براکەی رۆیشتووەو حاشانامەی خۆشی لێ نووسیوە و ووتوشیەتی کە ئامادەیە بۆ هەموو تەعاونێک دەرباری هێنانەوەی حەیەن ئەومەیتەن بۆ سەفی وەتەنی .ووتم بۆیە ئەو رۆژە جەناب بەمنی ئەوت بەسەری خۆم هەمووی فشەیە حکومەت کەروێشک بە عارەبانە ئەگرێت ،ئاخر قەت دیوتانە بەعسێک بەو هەموو زەبەلاحیەوە بەو قسە قۆڕانەی ئێوەو ئەو دووتفەنگەی بەو شاخەوەیە بروخێکێ.رۆژان هات و رۆژان رۆین، بیستمان برا پێشمەرگەکەی جەناب شەهید بووە ،ووتمان ئەی جەنازەکەی ووتیان لەناو دەغلێکا بەجێ ماوە دواتر خەڵکو خوا ناشتویانە، ووتمان نەچین بۆ سەرخۆشی لە جەناب ووتیان تەعزێی بۆ دانەناوە، ووتمان ئەبێ وەزعی چۆن بێ ووتیان بەخەیاڵیشیانایە بەعکسەوە پێی لەعەرزی ناکەوێ ووتمان بۆ؟ ووتیان نەجاتی بوو لەوەی ئیتر پێی بڵێن براکەی موخەریبە ، ساڵان هاتوو رۆیشت ئینتفازە داهات و حیزبە شۆرشگێرەکان مەعاش وعەرزەیان بۆ کەسوکاری شەهیان بڕیەوە، ئەڵێن رۆژێک جەناب لە دایەرەی شەهیدان ئەبێ ئەپرسن خێرە لێرەی ئەفەرموێ وەڵڵا هاتووم بۆ هینەکەی جوانەمەرگی برام بەقوربانی بم ،پێی ئەڵێن هینی چی؟ ئەڵێ ئەرزەو شەهیدانەکەی . ئەڵێن بۆچی ئەییەن بەبرا؟ ئەڵێ محاوەلەیەکەو ئەیکەم . ئەڵێن ئەی کەسی تری نەماوە بێجگە لە جەنابتان ئەڵێ نەوەڵڵا خۆم تاقە واریسیم.
ئەشهەدو "وەنیعمە ئەلواریس".